# فێمینیزمە کوردییەکەی (خاتوو ڕێکپۆش) ئاو بە ئاشی پیاوسالاریدا دەکات

هەژێن
٢٠٠٧/٠٣/١٩

دەمێك بوو، لێرەو لەوێ سەرنجی نووسینی چەند ژنێکی کورد – لەژێر پەردەی فێمنیزم-م دەدا و خەریکی نووسینی بابەتێك بووم لەسەر هەڵسەنگاندنی تێڕوانینی هەڵبژێرێك لە نووسین و چاوپێکەوتن و ڕەخنەگرتنی هێندێکیان. بەلام هێشتا تەواوم نەکردبوو، بڵاوبوونەوەی نووسینێکی بەڕێز (خاتوو ڕێکپۆش عەزیز) لەژێر تایتلی ( زمانی خوا زمانی کوردییە، بۆیە من دەمەوێ ببمەوە بە ئێزیدی) ناچاری کردم، دەست لە نووسینی بابەتەکەی تر هەڵگرم و لەم نووسینەا وەلامی بدەمەوە.

ئەوەی نووسینەکانی پێشووی خاتوو ڕێکپۆش بخوێنێتەوە، پێشوەخت دەرکی ئەوە دەکات، کە ئەم ژنە نووسەرە چۆن لە ئازادی و یەکسانی ژن گەیشتووە، بەڵام نووسینی ئەمجارەی گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە ئەم فێمینستە کوردەشمان لە خولگەی تێڕوانینی پیاوانەی کۆمەڵگەی کوردیدا دەسووڕێتەوە. هەرچەندە لەوانەیە ئەگەر بە رواڵەت لە پێشنیارەکەی بەنێوی ئەدەبی ژنان بڕوانرێت، مرۆڤ تووشی ئەو هەڵە دەبێت، کە پێی وابێ ئەم خاتوونە لە خەباتی فێمینیستیدا، زۆر پەڕگیر و رادیکاڵە. بەلام نووسینی ئەمجارەی ئەو ناڕۆشنییە وەلا دەنێت. بۆ ئەوەی کوێرانە ئەم بەڕێزە نەخەمە قەفەسی پیاوسالارییەوە، با لە ڕستەکانی خۆیدا شوێنپێی ئەوەی من دەیڵێم نۆژەنکردنەوەی پارتیاکیزم لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بخەینەڕوو.

پێش هەموو شتێك پێویستە سەرنجی خوێنەر بۆ دیاردەیەك راکێشم کە ئەوڕۆکە نووسەرە ناسیونالیستەکان بێ جیاوازی ڕەگەزییان، لە تاو دۆشدامانیان لەبەردەم چارەسەرنەکراوی کێشەی نەتەوەیی و ستەم و هەلاواردنێك کە بەرامبەر کوردەکان لە عیراق و ئێران و تورکیە و سوریە دا و بۆ بنەما دارێژان بۆ خەونی پان نەتەوەییبیان، ئاوێزانی ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە بوون و لەبری ئەوەی بیر لە پیشخستنی کۆمەڵگە و گەیاندنی بە کاروانی گەلانی جیهان بکەنەوە، خەریکی گێڕانەوەی ڕەچەڵەك و ئایینن بۆ سەردەمێنێك کە مرۆڤ بە ئەستەم دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت.

من لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەم: ئەگەر پێشکەوتن و ڕزگاربوون، پابەندی خۆبەستنەوەیە بە ڕابوردوویەکی تاریك، ئەوا دەبوو ئاڵمانەکان خۆیان بە جێرمەن بزانن و ئەوروپییەکان لە هەوڵی گەڕانەوەدا بن بۆ سەر ئایینی جولەکە و ئایینەکانی تر. دەکرێ لە خۆمان بپرسین بۆچ ئاڵمانەکان خۆیان بە (Deutsch) دادەنێن نەک بە (Germen) ؟ کە باس لە شەرەکانی نێوان ڕۆمەکان و جێرمەنەکان دەکەن، بۆچ ناڵێن شەڕی ئێمە و ڕۆمەکان؟

نەتەوە پێشکەوتووەکانی ئەورۆکە، ئەوانەن کە سەرنجی سبەینێ دەدەن و رابوردوویان بە مۆزەخانە سپاردووە، بە پێچەوانەی ئەو بەرێزانی دەیانەوێت مرۆڤی سەدەی بیست و یەك بخەنە مۆخەکانەی دە یا پێنج هەزار ساڵ لەوەوپێشی ئایینی ئێزیدی یا سەردەمی ماد و ئایینی زەردتشتەکان. ئەمە بێجگە لەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژووی نییە کە زمانی کوردی و زاراوەکانی هەمان زمان و زاراوەی دە هەزار یا پێنج هەزار ساڵ یا کورد هەمان ڕەچەڵەکی مادەکانی هەبێت. ئەوەی هەیە خۆزگەخواستنە بە پار، ئەوەی هەیە خەوبینینە بە رابوردوویەکەوە، کە نازانین چەندە تاریکە، بەلام بە دڵنیاییەوە لەچاو ئەورۆکە وێرانە ماڵ!

خاتوو ڕێکپۆش لە سەرەتای نووسینەکەیدا، باس لە بوونی پانتایی ڕۆشنبیری کوردی دەکات، من بەشبەحاڵی خۆم لە بوونی وەها پانتاییەك گومان دەمگرێ. پاشان دەڵێت : وە هیچ شتێ لەو ژێر خانە کەلتوریەی خۆمان نازانین کە چۆن بووین بە ئیسلام؟!!*

جارێ یەکسەر نایێمە سەر باسی پاشخانی کولتوری کورد – ئەوەی کە وی باسی لێوە کردووە-، تەنیا هێندە دەڵێم هەرکەس لە کوردستان ژیابێت و مێژووی فەرمی ئیسلام -نەك پەردەپۆشکراوی- خوێندبێتەوە، ئەوا دەزانێت، نەك تەنیا زۆربەی نەتەوەکانی تر، بەڵکو زۆربەی خێڵە عەرەبییەکانی تریش بە شەڕ و کوشتار کروان بە ئیسلام.

پاشان دێتە سەر بەخشینەوەی پسولەی ڕەسەنێتی کوردی و دەڵێت: ... بەم پێیە کوردی ڕەسەن ئێزدیە و ئیزدیەکانیش کوردن، ...

ئەم ڕستەیە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی یەکێك لە کەناڵەکانی (BBC) وەبیر هێنامەوە، کە تێیدا ڕەسەنێتی ئینگلیزەکانی تاقی دەکردەوە و سەرەتا پرسیاری لە کەسەکە دەکرد و بە زۆری پێیان وابوو، کە سەد لە سەد بە ڕەچەڵەك ئینگلیزن، بەلام ئەنجامی تاقیکرنەوەکە زۆرجار نیشانی دەدا، کە کەس سەد لە سەد ئینگلیز نییە و ڕێژەی پێکهاتەیی ڕەچەڵەکییان کەم و زیاد تێکەلە و هی وایان هەبوو، قەرەچ (سیگانۆ)، چاینی، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەفریکی، هیتر دەردەچوون. کاتێك کە ئینگلیزێك بە چەند پشتی ئینگلیزییەوە، ئینگلیز دەرنەچێت، ئیتر ئێمە قوری کوێ بەسەری خۆماندا بکەین، هی ناوچەی شێخان یا هی ئەستەمبول و مەککە و مەدینە؟

من بەشبەحاڵی خۆم لە خێزانێکی موسوڵمانەوە هاتووم و بەخۆشم هێچ شتێك لە سەرووی مرۆڤبوونمەوە نابینم نە ڕەسەنێتی کوردی، نە ئایین و نە خوا و نە مەلەك تاوس. نە گومانیشم لە کوردبوونم وەك ڕەچەڵەك هەیە. بەڵکو خۆشم بە بەهرەمەندبوو لە مرۆڤایەتی ڕەچەڵەکی کورد دەزانم، لە هەمانکاتدا هیچ نەتەوە و ڕەچەڵەکێك لەوی تر ڕەسەنتر و باشتر نازانم. ئەگەر ئایینێك لەوی تر کۆنتر بێت، بە هەموو پێوەرە مێژووی و زانستی و مرۆییەکان، ئەوا لە وانی تر بۆگەنتر و نامرۆڤانەترە. دواتر لە خودی قسەکانی ڕێکپۆش خاتوون دا ئەمە دەسەلمێنم.

ئاخر ئەزیزم، ئەمەی تۆ دەرت بڕیوە بۆنی خوێنی لێدێ و مەگەر نازییەکان ئاوا بوێرن پاگەندە بۆ ڕەسەنێتی ڕەچەڵەك و نەتەوە و ئایین بکەن. من نازانم چۆن دەتەوێت پاگەندەکانی فێمینیسم بوون و خورافەکانی ئایینی ئێزیدی بەیەکەوە گرێ بدەی؟!

نووسەر دەنووسێت: گفتوگۆیەکی نێوان مەلەک تاوس و خوا لە ناو زمانی کوردی کرمانجیدا هەیە( کەبەداخەوە من نایزانم) ئەمە بەڵگەیە بۆ ئێزدیەکان کە زمانی خوا زمانی کوردیە.

جارێ ناچمە سەر ئەفسانەبوونی خواکان و ئایینەکان، تەنیا هێندە دەپرسم چۆن دەتوانی پاگەندەی ڕەسەنێتی خۆت بکەیت – بە دڵنیاییەوە خۆت بە ڕەسەن دەزانی – لە کاتێکدا گەورەترین زاراوەی زمانەکەی خۆت نازانی؟ چۆن دەتوانی شتێك بکەیتە بەڵگە کە هێشتا نەتخوێندبێتەوە و لێی تێنەگەیشتبی؟ چۆن دەتوانی زمان بە خوا ببەخشی؟ چۆن دەتوانی زمانی کوردی لەبەر تێکستێکی ئایینی ئێزیدی، کە خۆیان بە عەرەبی دەنووسن و ئەمەش گەورەترین ناوەندی ئێزیدی لەسەر ئینتێرنێت بەنێوی مکتب شؤون الايزيديه و YEZİDİLİK و Yezidis کە هەر سێکیان بە زمانی نارەسەنی مرۆڤە پیسەکانی بەرهەمی هێلکە ژەهراوییەکانی حەوا و جووتبوونی لەگەڵ ئادەم، نووسراون و وێب براوزەرەکەم بە زمانە خواییەکەی کورد هیچی بۆم نەدۆزییەوە!

ئەمە پەلەقاژێی و نەزۆکی ناسیونالیزمە، کە دەست بە هەر پوشێکەوە دەگرێ بۆ خۆ ڕزگارکردن. ئەمە بەستەزمانییە و جیگەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، کاتێك کە مرۆڤ دۆشدادەمێنێ و لەسەر زەوی و لە جیهانی ڕیالیدا ناتوانێت خۆی بسەلمێنێت، هانا بۆ شەڕی ئاسمانەکان و دروستکردنی شوناسی ئەفسانەیی دەبێ و دەستەودامێنی مەلەك تاوس دەمێنێتەوە!

پاشان دەپرسێت: نازانم ئێمەی کورد بۆ دەبێ هێندە بێئاگاین لەم سامانە کەلتوریەی خۆمان؟
لەوەلامدا دەڵێم لەبەر ئەوەی کورد دەیەوێت وەك گشت نەتەوەکانی تری سەر ئەم هەسارەیە، لە ئەوڕۆدا بژی و پەندەکەی خۆی لەبەرچاو بگرێت، کە دەڵێت " نانێ نانە کە ئەوڕۆ لە خوانە"!

دوابەدوای پرسیارەکەی دەنووسێت: ... ئەم ئاینەی خۆمان بکەنە تێزیک بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیمان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ مەسەلەی یەکسانی نیوان ژن و پیاو چونکە بە پێی میتۆلۆژی ئەم ئاینە ژن لە پەراسوی پیاو دروست نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ژن و پیاو لەیەک کاتداو بەیەکەوە دروست دەبن.

ئەوەندەی من بزانم کورد پرسی خۆی بە هیچ ئایینێکەوە نەبەستۆتەوە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بزووتنەوەیەکی نا ئایینی بووە و هەم خەباتکاری ئێزیدی و هەم

موسولمان و هەم کاکەی و هەم ئاتاهیستی لە خۆگرتووە. ئەمەش وانەیەکی مێژوویی گەلانی دونایە و بەخشینی ناسنامەی ناوچەیی و زاراوەیی و ئایینی و خێلەکی بە بزووتنەوەکان، هەمیشە بزووتنەوەی نەتەوەیی پارچەپارچە کردووە. با وای دابنێین کە پێشنیارەکەی وی دروستە، ئەی دەکرێ پێمان بڵێت، لەسەر چ بنەمایەك داوا لە زۆرینەی موسولمانی کورد دەکات و بێن و خەبات بۆ ئیمپراتۆریەتی ئیزیدییەکەی وی بکەن؟

ئەوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی هەڵدەخرێنێت، خواستی هاوبەشی تاکەکانییەتی، کە ئەویش لابردنی ستەمی نەتەوەییە، بەپێچەوانەشەوە سەپاندنی ئایین و زاراوە و سەرداری ناوچەیەکی بەسەر ناوچەکانی تردا، پارچەپارچەبوون و لێکترازانی بزووتنەوەکەی لێ دەکەوێتەوە.

لە وەلامی پەرەگرافەکانی تردا دەچینە سەر ئەم دەربڕینەی " بە پێی میتۆلۆژی ئەم ئاینە ژن لە پەراسوی پیاو دروست نابێت  بەڵکو بە پێچەوانەوە ژن و پیاو لەیەک کاتداو بەیەکەوە دروست دەبن".

درێژەی دەداتێ و دەنووسێت: ئیزدیەکان لە نەوەی ئادەم و حەوا نین بەڵکو تەنیا نەوەی ئادەمن، ..... ، خواش جوبرەئیلی نارد و لە دەستی چەپی حەوای دروست کرد، ........، پاش نۆ مانگ گەڕانەوە سەری ئەوانەی ئادەم بوونە دوو منداڵی جوان، بەلام ئەوەی حەوا ببووە مادەیەکی ژەهراوی، ئەوەی ئێزدییە  رەچەڵەکی لەو دوو منداڵەی ئادەمە، مانای کوردەکان تەنیا لە نەوەی ئادەمن و پێش نەوەی ئادەم و حەوا دروست بوون، ئەمەش بەڵگەیەکە کە کورد یەکەمین نەتەوەی سەر رووی زەویە(١).

لێرەدا پێویست ناکات، بچمە سەر لێکدانەوەی ئەفسانەبوونی دروستبوونی مرۆڤ لە ئادەم و حەوا و هیتر. بەلام دەپرسم داخۆ جیاوازی لەنیوان دروستبوونی حەوا لە دەستی چەپ یا لە پەراسووی چەپی ئادەم چییە؟ ئایا هەردووکی هەر بەرتەریدان نین بە ڕەگەزی پیاو؟ ئایا ئاوەز ئەوە پەسەند دەکات، کە حەوا لە پارچەیەکی پیاو چێکرابێت و بە پێچەوانەوە لەبری ئەوەی ڕەگەزی ئادەم –پیاو- زایمان بکات، کەچی ڕەگەزە لێدروستکراوەکەی –ژن-زایمان دەکات؟  ئەوەی خوێندنەوەی بۆ ئەفسانە هەبێ و ئەلوبێیەك لە زانستی ئەفسانەناسی بزانێت، لە ئامادەبوونی وشەی گۆزە، دارسێو، چیتر دەگات. هەروەها بوونی گفتوگۆ و ڕێککەوتن لەسەر شتێك لە نێوان دوو تاکدا، نێشانەی سەربەخۆبوونییانە لەیەك، دەکرێ بپرسین بە چ پێوەرێك حەوایەك کە لەبەر وەرسی و تەنیایی و چێژ و هاوەڵێتی ئادەم دروستکرابێت، لەسەر گەرانەوەی نەوەکان لەسەر خۆی، مافی مشتومڕی لەگەڵ کەسێکدا کە سەرچاوەی بوونی وییە، هەیە؟ ئەگەر بەپێی دروستبوونی حەوا چ لە پەراسوو یا دەستی ئادەم بێ، ئەوا دەبوو مرۆڤ وەك زۆرێك لەو گیانەوەرانەی کە بەناوکە کەرت بوون، زیاد دەبن، دەبوو لە دەستی هەموو پیاوێك منداڵ لە دایك بووایە!

ئایا هیچ ئایینێك وەك ئایینی ئێزیدی سوکایەتی وای بە ژن –حەوا- کردووە، کە هێلکەکەی ژەهراوی بێت؟ ئەی ئەگەر سپێرمە بۆنخۆشەکانی ئادەم بەپیت بوون و کورد لەوان دروست بووە، چۆنە ئێستاکە پیاوی کورد منداڵی نابێت؟ بە واتایەکی تر دەبوو نەتەوەی کورد -لانیکەم ئێزیدییەکان- تەنیا لە ڕەگەزی پیاو پێك بهاتایێن! چۆنە ژن – هەڵگری هێلکە ژەهراوییەکە- لەناو ئەم نەتەوە پیرۆز و ڕەسەنەدا دروست بووە؟!! ئەی چۆنە جیاوازییەکی فیزیکی یا خانەیی لەنێوان نەوەکانی ئادەم و نەوەکانی ئادەم و حەوا دا نییە؟ ئەگەر هەیە، چۆن تا ئێستا زانست پەی پێنەبردووە؟ ئەگەر وایە، دەبوو چۆن جیاوازی لە نێوان کەر و ئێستر دا هەیە، ئاواش جیاوازی لەنیوان کورد و نەتەوەکانی تردا هەبووایە! کەر کاتێك لەگەڵ هاوچەشنی خۆی جووت دەبێت، کەری لێدەکەوێتەوە، بەڵام کاتێك لەگەڵ مایین جووت دەبێت، ئێستری لێدەکەوێتەوە!

لێرەدا پرس پرسی یەکسانی ژن و پیاو نییە، ئاوا کە خاتوو ڕێکپۆش بۆی چووە، بەڵکو پرس پرسی ڕەگەزپەرستییە، ڕێك ئەوەی کە نازییەکان باوەڕییان پێی هەبوو. نەتەوەی ئالمان ڕەسەن و بێگەردە و دەبێت، نەتەوەکانی تر ملکەچ و نۆکەری بن!

لەهەنگاوی یەکەمدا، ئەمە بۆ خۆی، هەرچەند ئەم فێمینیستە کوردییە پێی نەزانیوە سوکایەتییە بە ژن، سوکایەتییەك کە هیچ ئایین و بەلایەك بە ژنی نەکردووە، بەڵکو ڕیفۆرمیان تێداکردووە و ژەهراویبوونی هێلکەکەی حەوایان سڕیوەتەوە. لە هەنگاوی دووەمدا سوکایەتییە بە مرۆڤ. خۆ ئەگەر ئایینی ئێزیدی پێی لەسەر ئەوە داگرتایە، کە ڕەسەنێتی بۆ وەچەخستنەوەی ئادەم و حەوا دەگەڕێتەوە، ئەوا بەهەرحاڵ دەمانوت، ئاوەز پەسەندی دەکات، هەر وەك چۆن ڕێکپۆش خاتوون، لە یەکگرتنی سپێرمی پیاو و هێلکەی ژنێکەوە دروستبووە!

ئەگەر بە وردی لە شاردنەوەی ڕازەکانی ئایینی ئێزیدی وردبینەوە، ئەم دوو ڕاستییە لە ڕستەکانی نووسەردا سەرەتاتکێ دەکەن: یەکەم بەکەم زانینی ژن، دووەم نارەسەنیتی نەتەوەکانی تر، نەك هەر ئەمەش سوکایەتی بە بەشەکانی تری کوردیش کە هەڵگری ئایینیکی ترن.

بەشبەحاڵی خۆم ئاتاهیستم و ئایین بە ئەفسانەگەری دەزانم، بەلام دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم، کە ئایینی ئیسلام زۆر مرۆڤانەتر لە بوونی نەتەوە و ئایینەکانی تر دەڕوانێت- بە بەراورد لەگەڵ ئایینی ئێزیدی –بەپێی ئەو بەڵگانەی کە نووسەر خستوونییەتی ڕوو-!

پاشان بەو ئەنجامە دەگات: کەواتە ئێمەی ژنان پەیوەندیەکانمان لەگەڵ پیاودا دیکۆتۆمی نیە( مانای پیاو یەکەم جار دروست بوەو ژنیش لە پەراسوی چەپی ئەو) ژن و پیاو لە یەکاتدا و بەیەکەوە دروست بوون، ... لە ئاینی ئێزدیدا فرە ژنی و مەسەلەی حیجاب نیە.

وەك پێشتر پەنجەم بۆ ڕاكێشا، جیاوازی دروستبوون لە دەست و لە پەراسوودا نابینم. (خواش جوبرەئیلی نارد و لە دەستی چەپی حەوای دروست كرد) ئەگەر حەوای ئێزیدییەكان لە دەست دروستكرابێ و بووەتە هاوبڕیاردەری ئادەم بۆ وەچەخستنەوە، ئیتر چ پێویست دەكات هێلكە و سپیرمەكانیان بشارنەوە، بۆچی جووت نەبوون؟ كە كورد لە هێلكە جوانەكانی ئادەم دروستبوو، ئیتر ئادەم چ پێویستی بە جووتبوون و دروستكردنی نەوەی ژەهراوی لەگەڵ حەوای هێلكە ژەهراوی هەبوو؟ بۆچ بۆ هەمیشە خەریكی هێلكە شاردنەوە نەبوو؟ ئەگەر وای بكردایە ئیتر لەو ساكەوە تا هەنووكە ژنان بەهۆی زایمانەوە ژیانیان لەدەست نەدەدا و دەیانتوانی بە دەركردنی هێلكەدانە ژەهراوی و بێسوودەكانیان، بۆ هەمیشە لە خوێن دانانی مانگانە ڕزگاریان بێ و كیژۆلە هەشت نۆ ساڵییەكانی ئەفریكاش ئەو ئازارە نەچێژن!

ئەوەی كە ڕێوڕەسمی ئێزیدییەكان چۆنە و باری كەسێتی و ڕێوشوێنی ژنان لەناو ئێزیدییەكاندا چۆنە، ناتوانم قسەی زۆری لەبارەوە بكەم، بەلام دەوێرم بڵێم لەو چوارچێوەیە دەرناچێت، كە ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و ژنانی كوردستان بەتایبەتی تێیدا دەستبەسەرن. ئەم لایەنە بۆ كەسانێك بەجێدەهێڵم، كە لانیكەم توانای تێگەیشتنی دەقەكانی ئێزیدییان بە كرمانجی هەیە!

پاشتر نووسەر دێتە سەر چۆنییەتی هاوسەری ژنە ئیزیدییەكان و دەنووسێت: بە هۆی ئەوەی ئێزدییەكان خاوەنی خوێنێكی خوایانەیان دەبێ ژن هێنان و شو كردنیان هەر لە ناو خۆیاندا بێت خۆیان تێكەڵی ئەوانە نەكەن كە لە نەوەی ئادەم و حەوان. ئەوانەی كە لەنەوەی ئادەم و حەوان یەهودی ومەسیحی و ئیسلام و زەردەشتی و هتد وە بەهۆیەوەی كە هێلكەی حەوا هەڵگری مادەیەكی ژەهراوی تایبەتیە ئەوانەی كە لەم نەوەیەن خراپەكاریان لەدەست دێت، بۆیە.... ، بەلام كورد لە ڕوانگەی ئەوانەوە خاوەنی ئەو خوینە پاكەیە و ئەو رەگە خودایەیە، بەڵام چونكە .... تازە خوێنەكەیان پیس بووە بە تێكەڵاو بونیان لەگەڵ زەردەشتی و جولەكەومەسیحی ئیسلام ئەگەری ئیزدی بوونەوە زۆر زۆر مەحالە، ....

هەندێكجار لە خوێندنەوەی ئەم وشانەدا، هەست بەوە دەكەم لە دەقە نازییەكانەوە وەرگیراون، هەندێكجاریش گومان دەمگرێت، كە ئەمە بیركدنەوەی ژنێك بێت و بۆ دووركەوتنەوە لە نەوەی پیسی حەواوی ژەهراوی، بانگەوازمان بكات!

ئەوەی كە ئێزیدییەكان داخراون و تێكەلاوی كەسانی تر ناكەن، دوو هۆی هەیە: یەكەم وەك هەر كۆمەڵێكی باوكسالار، هاوسەری ژنانی خۆیان لەگەڵ كەسانی ناخۆیی بە كەمی و نزمی دادەنێن، ئەمەش لەناو زۆربەی خێڵەكانی كوردا هەبووە و هەیە و پێیان وایە كاتێك كە پیاوێكی دەرەوەی خۆیان لەگەڵ ژنێكی واندا سێكس دەكات، ئیتر ئەتكی تەواوی خێڵ و كۆمەڵ و ئایینەكەی وان كردووە. دووەم باری ناچاری وای لیكردوون؛ لەوانە كوشتوبڕێك كە

لە لایەن هەڵگرانی ئایینەکانی ترەوە، لێیان کراوە، یا ئەو هەڵاواردنەی کە ئایینی ئیسلام بەرامبەر ئایینەکانی تری ئەو دەڤەرە بەکاری بردووە.

هەروەها ئەگەر ژنان لەناو ئێزیدییەکاندا ئازادن، بۆچ ئەو سنوورەیان بۆ کێشراوە، کە نابێت لەگەڵ پیاوی بێگانە هاوسەری بکەن؟ ئایا ئەمە ئەو تێڕوانینە نەبوو، کە نازییەکان لە ئاڵمان بە قەڵاچۆی جولەکە و قەرەچ و هیتر، پەیڕەویان کرد؟ هەر ئەوە نەبوو کە ژنانی ئاڵمانی لەسەر هاوسەرییان لەگەڵ نا ئاڵمانەکاندا، تووشی دەردیسەری دەبوون؟ تۆ بڵێی بیرۆکەی ئاڵمان-کورد لێرەوە سەرچاوەی نەگرتبێت؟ دەکرێ ئەو هەموو کوردە ناڕەسەنە وەڵامیان چی بێت، کە کورد بە زەرتوشتی دەزانن؟ بە پێی ئەم نووسینەی وی بێ، ئەوا زەرتوشتەکان فارسن، زۆڵە کوردیان بۆ زیاد بووە!

لە کاتێکدا کە ئەستەمە کورد بتوانێت، ببێتەوە بە مرۆڤی ڕەسەن و ئێزیدییە خواییەکان – بە وتەی وی- لێمان نابورن! ئیتر نازانم لەسەر چ بنەمایەك و چ بەڵێن و مسۆگەرییەك وی دەخوازێت، کاتی خۆمان بە فیڕۆ بدەین، بێ سەرەنجام و بێسوود، خەریکی ئیزیدی بوونەوە بین؟ هەرچەندە ئەمە لە هەوڵی بەرگرتنی خۆر بە بێژنگ دەچێت، بەڵام دەپرسم ئایا باشتر نەبوو لەبری ئەوەی داوای گەڕانەوە بۆ دە هەزار ساڵ لەوەوپێش، داوای بەرەوپێشچوون بۆ دە ڕۆژ لەمەوپاشی لێ بکردایێن، واتە لەبری گەڕانەوە بۆ ئێزیدی بوون، داوای وازهێنان لە ئیسلام و خورافەگەری لی بکردایێین؟

گەر بە وردی لە تێروانینەکانی وردبینەوە، ئەوا دەبینین، کە سێکس لای وی کارێکی خراپە و هێشتا لە بیرکردنەوەی خێڵەکی ڕزگاری نەبووە. ئەو دەیەوێت بۆمان بسەلمێنیت، کە ژنانی ئێزیدی حەزیان بە چارەی پیاوی نا ئیزیدی نییە و ویستی خۆیان لەسەر ئەم بڕیارەیە. ئەو دەیەوێت سێکسی پیاوانی ئێزیدی لەگەڵ ژنانی نا ئیزیدی بە خراپە دانێت، بەلام ئەمە کرۆکی پرسەکە و هاندەری ئەم دەربڕینە نییە. بەڵکو گومانە لەو پیاوانەی کە چوونەتە هەندەران و ئەمە گرێی دەروونی ژنێکی بەدبەختی کوردە، کە پیاوەکەی لە هەندەرانە و گومانی دەستبەرداربوونی لێدەکات و کوشتنی ناچارییانەی ئارەزووی سێکس و هاوەڵی پیاو لەبەردەم فەرمانە خواییەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی، ئەمەی لا دروستکردووە!

بە بڕوای من سێکس ئەو خراپەیە نییە، کە ژنە فێمینیستە کوردەکان بە تێروانینە خێڵەکییەکانیان، کە دەقاودەق وەك پیاو بیردەکەنەوە، بۆی دەچن. سێکس هۆکاریکە بۆ وەچەخستنەوە، سێکس چیژێکە وەك هەر جێژێکی تر، سێکس پێداویستییەکە وەك هەر پێداویستییەکی تر، سێکس شتێکی خۆیی تاکە و پەیوەندی بە ڕیسا ئایینی یا خێڵەکییەکانەوە یا ڕەسەنێتی و ناڕەسەنیتی، چاک و خراپی مرۆڤەوە نییە!

لە درێژەی ڕێنوێنییەکانیدا بۆ ژنانی کورد دەنووسێت: چونکە بە پێی ئەم میتۆلۆژیە ئێمە ژن کەم ئەقڵ و ناتەواو نین یان بەشێک نین لە پیاو بەڵکو ژن و پیاو یەکسانن بەیەک لە دروست بونەوە،ئەمەش خاڵێکی جەوهەریە بۆ بوونی ژن وەک بونەوەرێکی سەر بەخۆ لە ئەزەلەوە. بەڵام هەروەك خوا لەبیری دەچێت کە پیشتر نووسیویەتی: خواش جوبرەئیلی نارد و لە دەستی چەپی حەوای دروست کرد، ... ئەمە بۆ خوینەری هێژا بەجێدەهێڵم!

ئیتر نازانم چ پێویست بە : خیانەی هاوسەری جا ژن بێت یان پیاو حوکمی کوشتنە.... کوشتنی ئەوینی دڵداران دەکات؟

ئایا هیچ پێناوێك هەیە شیاوی ئەوە بێت، مرۆڤی لەسەر بکوژرێت؟ ئایا هیچ شتێك هەیە لە خودی مرۆڤ بە نرختر، چ بگاتە سەر ئەوەی ئەو شتە ترۆهاتە ئەفسانەییەکانی خوا و ڕێسا خێڵەکییەکانی دە هەزار یا چوار هەزار  یا هەزار و چوارسەد ساڵ لەوەوبەر بن؟

من نازانم ئەم خاتوونە چۆن پاگەندەی فێمینیست بوون دەکات، لە کاتێکدا هێشتا دەستبەرداری ئەو فەرمانانە نەبووە کە هێڵکەی ژن بە ژەهراوی و سپیرمی پیاو بە ڕەسەن دادەنێن؟

ئەوەندەی من لە فیمینیزم گەیشتبم، ئەلفی ئەم بزووتنەوە بە مرۆڤایەتی دەست پیدەکات، بەلام راستییەکەی نیازم نییە لەسەر ئاراستە فیمینیستە جیاوازەکان قسە بکە، ئەوە هەڵدەگرم بۆ نووسینێك لەمەڕ بزووتنەوەی یەکسانی ژن و پیاو و ئاسۆی فێمینیسم  و قسەیەکیش لەمەڕ فێمینیسمی کوردی رەسەن، کە بڕیارە پاشخانی بۆ دەهەزار ساڵ پێش بگەڕێتەوە!

من نازانم بۆچ هاوسەریکردنەوەی بێوەرژن دەبێت سنووردار بێت، لە کاتێکدا ئەوەندەی من بزانم ئایینی ئیسلام - کە یەکێکە لە ئایینە دژە مرۆییەکان- ئەو سنوورەسی دانەناوە. ئیتر نووسەری ئازیزمان شانازی بەچی ئەم ڕێسایەوە دەکات؟ ئایا لە خۆی پرسیوە بۆ ئەو سنوور و ڕێوڕەسمانە بۆ پیاو دانەنراون؟ بە بروای من سوتاندنی ژن لە پاش هاوسەرەکەی –لای هیندوسەکان-، شونەکردنەوەی ژن پاش مردنی هاوسەرکەی-لای کریستیانەکان-، نۆ مانگ مانەوەی ژن دوای مردنی مێردەکەی –لای موسوڵمانەکان-، تەنیا شەش جار شووکردنەوەی بێوەرژن – لای ئێزیدییەکان-، هیتریش، هەموویان لە باوکسالارییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەم و زیادیان، بە شووێن و کاتی سەرهەڵدانی ئەم خورافانەوە بەندە!

پاشان دەنووسێت: ... چونکە تەنانەت لە رووی سیاسیشەوە ئاینی ئێزدی زۆرکراوەو سکولارە، بۆ دانانی شەریعە دەسەڵات دراوە بە پیاوانی ئاینی بەپێی سەردەم بریار بدەن، ئەم ڕێنوێنیە لە کتیبی جلوەدا هاتوە....

دەکرێ وابێ لە بوارێکدا ئایینێك لە ئایینێکی تر باشتر یا خراپتر بێت، ئەمەش بە ژینگە و پێداویستییەکانی سەرخانی ئەو کۆمەڵە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیانەوە پەیوەستە. بەلام ناتوانین ئایینێك بە سکیولار بزانین، چونکە سکیولاریزم لە هەنگاوی یەکەمدا واتە جیایی ئایین لە دەولەت، یەکسانی ژن و پیاو. ئەمەش لە هیچ ئایینێکدا ڕێگەی پێ نەدراوە.

هەروەها دەکرێ لە نووسەر بپرسین: ئەی ئەگەر ئایینی ئێزیدی سکیولار و یەکسانیخوازە بۆ ژنان، بۆچ دانانی ڕێوڕەسمەکان (شەریعە) تەنیا دەسەلات بە پیاوانی ئایینی دراوە؟ ئەی ژنانی ئایینی چی؟ کەم ئاوەزن، توانایان نییە؟ شایستە نین؟ بەبۆنەی خوێندانانی مانگانەوە، کەم ئاوەز دەبن؟ پیسن، بەدڕەگەزن؟ ئەی هۆکەی چییە؟ من تێناگەم بۆچ هەندێك نووسەر، خوێنەری خۆیان بە گێل دەزانن؟

دوای ئەوە دەچێتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگە و داوای ئەوەمان لێدەکات: لەم ژێرخانەوە کەلتوریەوە جارێکی تر__ سەرخانی کەلتوری خۆمان دروست بکەین.

ئەوەندەی من لە واژە تایبەتەکانی بواری ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵناسی تێگەیشتبم، کولتور بەشێکە لە سەرخان و هیچکات ژێرخان نەبووە و ژێرخان لایەنی ئابوری؛ پەیوەندی بەرهەمهێنان و ئامادەیی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بنەمای ئابوری کۆمەڵگە دەگرێتەوە. تا ئەوەندەش بە کولتور دەگەڕێتەوە، پاشخانی هەیە، نەک سەرخان و ژێرخان.

لە بارەی ڕۆڵی پیاوانی ئایینی ئێزیدییەوە دەنووسیت: پیاوانی ئاینی ئێزدی وەک شێخ و پیرو میر بۆیان نیە ژن بهێنن و ....، من باوەرم وایيە دینی ئیسلام دینی پیاوە، ئاینێک نیە لای خواوە هاتبێ، بەڵکو ...

من ئەوە دەخەمە ئەو لاوە، کە ئەگەر وابێت، پیاوانی ئایینی ئێزیدی سێکس نەکەن، ئەوا مردوون یا ژێرەکی خەریکی نێربازی و ئەتککردنی ژنانی بەدبەختی ئێزیدین. چونکە سێکس زیاتر لە شتەکانی تر ئەگەر بەری پێبگری، ئەوا لادانی لێدەکەویتەوە. هەروەها تاوانیش نییە و بەڕای من جێگەی خۆیەتی و داخوازییەکی مرۆڤانەیە، ڕزگارکردنی ئەو پیاوە بەدبەختە ئایینیە ئێزیدیانە. ئاخر ئەوەش لایەنێکی دیکەی پیشکەوتوویی ئیسلامە لە ئایینەکانی تر- مەبەستی من چەند ژنە و ئەتککردنی ژنان بەنێوی نوشتە و شتی تر یا حەرەمسەرای خەلیفەکان نییە، بەڵکو ڕەوابوونی سێکسە بۆ پیاوانی ئایینی-، لەوانە کریستیانی و ئێزیدی. ئەی دەکرێ بپرسین تۆ چ بەڵگەیەکت بۆ بوونی خودی خوا و خوایی بوونی ئایینی ئێزیدی هەیە، بۆ ئایینی ئێزیدی نێردراوە و ئایینی ئیسلام نێردراو نییە؟

بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر باوەڕم بە بوونی خوایەك هەبێ، ئیتر پەسەندی هەموو زبلۆزاڵی ئایینەکان دەکەم؛ چ ئێزیدی و چ ئیسلام و چ مشکپەرست! بەلام ئەوەی کە من باوەڕم بە هیچ ئایینێك نییە، لەبەر بوون و نەبوونی خواش نییە، بەڵکو لەبەر پەسەندنەکردنی ئەو هەموو

نادادوەرییە کۆمەلایەتی و چەوسانەوە چینایەتی و هەڵاواردنە نامرۆڤانەیەی نیوان ژن و پیاو، ڕەش و سپی، ئەم ئایین و ئەو ئایین، ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە، ئەم مرۆڤ و ئەو مرۆڤە، کە ئایینەکان وەك یاسای بێ چەندوچوونی خوایەك دایدەنێن، کە خودی مرۆڤ لە تێڕامانی خۆیدا چێی کردووە!

نووسەری بەڕێز وەك هەر دەمارگیرێکی ڕەچەڵەکی یا ئایینی، تەنیا تاکەکانی خۆیان بە چاك دادەنێت و تاکی هەڵگری ئایینەکانی تر بە خراپ دەداتە قەڵەم و هەر لەم ویستەی خۆیەوە، دەستکاری یاسای هاوولاتی بوونی ئەڵمانیش دەکات، ئیتر نازانم مەبەستی لە کام یاسایە، هی سەردەمی نازی یا هی ئەوڕۆکە؟ نازانم چۆن دەوێرێ باس لە شتێك بکات، لە کاتێکدا کە هەزاران تورك و عەرەب و فارس و کوردی موسولمان هەن، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئاڵمانین؟

نووسەر هێندە لە خەیاڵەکەی –چونکە ئەوە خۆزگەی خۆیەتی کە فارس و عەرەب و تورك و موسوڵمان، ڕەگەزنامەی ئاڵمانی وەرنەگرن- دڵنیایە، ئامۆژگاری پەنابەرە موسوڵمانەکان دەکات، خۆیان نەکەن بە ئێزیدی و بۆ ئەمەش کۆد (پاسوۆرد)ێکی ئایینی دادەنێ و لە وەرگرتنی پەنابەری و رەگەزنامەی ئاڵمانی بە هۆی ئێزیدی بوونەوە، هیوابڕاویان دەکات.

ئەمە فرەتر لە پاگەندە و هەوڵی ناوەندی ئێزیدی دەچێت، تاوەکو نووسینی نووسەرێکی فێمینیست! هەر ئاوا کە نووسەر پێیوایە نا ئێزیدییەکان ناڕەسەن و پیسن، هەرواش ناسیونالیستە تورك و عەرەب و فارسەکانیش پێیان وایە کورد و ئێزیدی ناڕەسن و پیسن. چونکە ناو و شوێن و کات، هیچ لە ناوەڕۆکی دیدی نامرۆڤانەی ڕەچەڵەکپەرستەکان ناگۆڕێت!

من نازانم، بۆ میری ئاڵمان لە کۆمەڵگەیەی خۆیدا، هیچ کاری تری نییە ئەنجامی بدات، تاوەکو خەریکی جیاکردنەوەی ڕەسەنێتی ئێزیدییەکان لە ناڕەسەنەکان بێت؟ هەموومان دەزانین دەوڵەتانی جیهان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە فێڵیان لێ نەکرێت و کەس بە داتای ساختەوە، کنە نەکاتە چوارچێوەی قەڵەمرەویان. بەلام بروا ناکەم دەوڵەتی ئاڵمان لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێزیدییەکان درۆناکەن، بەرتەری بە وان بدات! بە قسەی ئەم خاتوونە ئازیزەمان بێت، ئێمەی نا ئێزیدی هەموو درۆزن و ساختەچی و ناڕەسەنین!

هەروەها نازانم هاونیشتمانییە ئێزیدییەکان چ پێویستیان بە کۆد و نهێنی هەیە؟ لە کاتێکدا کە سنوورەکان لەبەردەم پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکاندا ڕوخاون، چی وایان لێدەکات، ئەوان بێن و خۆیان لە دەوروبەر دادەبڕن و بە بوونی کۆد و کلیل وەلامی دەوروبەر یا یەکتر دەدەنەوە؟ مەبەستم سوکایەتی کردن نییە بە ئازیزانێك کە هەڵگری ئایینی ئێزیدی یان هەر ئایینێکی ترن، گەر بڵێم ئەم وێنایەی نووسەر لەمەڕ ئایینی ئێزیدییەکان بە دەستییەوە دەدات، فرەتر لە گروپێکی مافیایی یا میلیشیایی دەچێت، نەك ئایینێك کە بڕیارە لە ڕێگەی

بانەگەوازەکەی ڕێکپۆش خاتوونەوە لانیکەم ببێت بە ئایینی کوردەکانی باکور، ڕۆژهەلات، باشور، ڕۆژئاوای کوردستان و تاوەکو بەم هۆیەوە ڕەسەنێتی لەدەستدراویان بەدەست بهێننەوە!

بەڕای من لە جێی خۆیدایەتی گەر ڕێکپۆش خاتوون، لە نووسینی داهاتوویدا هەم داوای لێبوردن لە هاونیشتمانییە ئێزیدییەکان بکات، بەهۆی ئەو وێناکردنەوە کە بۆی چێکردوون، هەم داوای لێبوردن لە تەواوی مرۆڤایەتی – ئەو بەشەی کە وی پێی وایە ناڕەسنن و لە هێلکە ژاراوییەکانی نەنە حەواوە دروست بوون- بکات، بۆ پاشگەزبوونەوە لەو هەموو سوکایەتییەی کە بە مرۆڤە ناکورد و نا ئێزدیییەکانی کردووە، کە تەنانەت دۆستە ئالْمانەکانیش لەم سوکایەتییە بێبەش نابن!

ئەوەندەی من و خوێنەرانی هێژا لەمەڕ بانگدەرانی ئایینەکانی تر بزانین و بیستبێتمان، هەمیشە لە هەوڵی گەیاندنی ئایین و ڕێوڕەسم و ڕێیسا و یاساکانیانن، بە وانەی کە بە ئایینەکەیان نەشارەزان. بەلام بۆچی هەڵگرانی ئایینی ئێزیدی خەریکی خۆ بچووکردنەوە و شاردنەوەی راز و نیازەکانیانن؟

ئەمە وامان لێدەکات، گومان لە نیازپاکی ئایینێکی وا بکەین و لەپاڵ دەربڕینەکانی ڕێکپۆش خاتوونەوە بگەینە ئەو باوەڕە، کە بە ناڕەسەن روانین و کەمگرتنی ئایین و ئیتنەکانی تر و أەهراوی دانانی هێلکەکانی حەوا لەم ئایینەدا –بە وتەکانی نووسەر- وایان لێدەکات، شەرم لە درکاندنی نیاز و تێڕوانینیان بن! ئەمانە هەموو ئەو گومانانەن، کە نووسینەکەی وی لای من دروستی کردن.

بەش بەحاڵی خۆم بە درێژایی تەمەنم –لانیکەم لەو کاتەوە کە باوەڕم بە ئایین نەماوە، لە سیازدە ساڵییەوە- هەمیشە بە چاوێکی هاودەردی و پشتیوانی لە هەڵگرانی ئایینی کریستیان، جولەکە، ئێزیدی، یارسانەکان و هیتر لە عیراقدا ڕوانیومە و هەمیشە سەپۆرتم کردوون لە هەموو دانیشتن و قسەوباسێکدا. بەلام ئەم نووسینەی نووسەر قامکی پەشیمانی خستە نێوان دانەکانم. ئەو پرسیارەی لا وروژاندم:چۆن توانیومە هاودەردی کەسانێك بم، کە مرۆڤگەلی تر بە ناڕەسەندەزانن؟ -بەپێی شارەزایی نووسەر-

نووسەر دێتە سەر میتۆلۆژی و دەنووسێت: کە ڕۆژێ مەلەک تاوس لەسەر درەختی نەمری نیشتۆتەوە پاشان خوا دێت بۆ ئەوێ و لێی دەپرسێ تۆ کێیت؟ مەلەک تاوسیش لە وەلامدا دەڵێ ئەی تۆ کێیت؟ خوا تۆڕە دەبێ و چەپۆکێکی پیا دەکێشێ، مالەک تاوس لەسەر درەختەکە بەرز دەبێتەوە و چل هەزارساڵ بەئاسماندا دەسورێتەوە پاشان دێتەوە سەر درەختەکە لەژێر درختەکەدا شێخ حەسەن کە خزمی شێخ عادیە دانیشتوە و بە مەلەک تاوس دەڵێ تۆ بۆ وا وەلامی خوای گەورە دەدەیتەوە، دەبێ پێی بڵیی " تۆ تۆیت، بەلام من لە تۆ دروست بووم"

با کەمێك لە خەیاڵ دەربازبین و بگەڕینەوە ئامیزی لۆژیك، ئاخر ئەگەر مەلەك تاوس لە خوایە، چۆن خوا کە خۆی دروستکەری مەلەك تاوسە، هێندە گەمژەیە و ئەوە نازانێت؟ با وای دانێین کە خوا گەمژەیە، ئەی مەلەك تاوس بۆ ئەوەندە گەمژەیە و چاوەڕێی شێخ حەسەنی خزمی شێخ عادیە دەکات، تاوەکو پاش چڵ هەزارساڵ تێی گەیێنێت، کە وی لە خوایە و بە مەلەك تاوس بڵێت "تۆ تۆیت، بەلام من لە تۆ دروست بووم"، خوای نەزانیش تێگەێینیت، کە خۆی خۆیەتی؟! ئەز شارەزاییم لە تەمەنی دار و درەختاندا نییە، بۆیە لە خوێنەرانی هێژا دەخوازم، لەو بارەوە زانیاریم پێ ببەخشن و ئەوەم بۆ ڕاست بکەنەوە، کە ئایا درەختی وا هەیە کە تەمەنی چل هەزار ساڵ بێت، بێجگە لەوەی دەبێت، ئەو درەختە بۆ خۆی هێندە گەورە و بەرزبێت، تاوەکو جێگەی نیشتنەوەی خوای پان و پۆڕ و مەلەك تاوسی لێ بێتەوە! هەروەها بەم گێڕانەوە بێت، خواش باڵدارە، هیوادارم کوندەپەپو دەرنەچێت!

پرسیارێکی زۆر سادە، کە نە میر و شێخ و پیر– کە شێخی عەرەبی هەر پیری کوردییە-ەکانی ئێزیدی و نە خودی نووسەر دەرکیان نەکردووە؛ ئەوەیە کە چۆن شێخ عادیە و خزمەکەی، ناویان لە زمانی نەتەوەیەکی ناڕەسەنەوە وەرگیراوە و ڕەسەنیشن؟ دەکرێ ئێزیدی پێش هەمووان بووبن و ناوی تایبەتی خۆیان لە زمانی خواییەوە دەست نەکەوتبێت؟ چۆنە ئێزیدییەکان لە سەردەمی ئادەمەوە هەن و پێش دروستبوونی نەوە پیس و ناڕەسەنەکانی تر لەدایك بوون، کەچی مێژووی ئەم ئایینە تەنیا دە هەزار ساڵە؟ ئەمە لە کاتێکدا کە مێژووی گۆی زەوی بە ملیۆن و ملیارد ساڵ کۆنترە و بە پێی ئایینەکان بێت، گۆی زەوی بە خاتری پێخەمبەرەکانی بووە، کەواتە یەکسەر سەر زەوییان بە ئادەمە ڕەسەن و ئادەمە ناڕەسەنەکان ئاوەدان کردووەتەوە! بەڵگە میژووییەکانیش کۆنتربوونی مرۆڤ باس دەکەن. پرسیارێکی کەش ئەمەیە: چۆنە تائیستا ئێسکە پەیکەری ئادەم و حەوایان لە کوردستان نەدۆزیوەتەوە؟

تائێستاش بەڵگە زانستی و میژووییەکان، مرۆڤی ئەفریکی بە کۆنترین مرۆڤ دەزانن، جا نازانم، نووسەری ئازیزمان ئەو سۆزە بە باپیرە ئەفریکییەکانمان دەبەخسێت، کە مرۆڤی ڕەسەن بن؟

پاشان درێژەی دەداتێ و دەنووسێت: بە کورتی میتۆلۆژی ئاینی ئێزدی زۆر ڕوانگەی زانستی و مەنتقی مرۆڤانەی تیایە کە زۆر خۆی لە ئاینی بودیسم و هیندۆنیسم نزیک دەکاتەوە.

پرسیار و سەرنج لەسەر زانستی بوون و بوونی لۆژیکی مرۆڤانە لەو ئایینەدا کە نووسەر بۆمانی ڕونکردووەتەوە، بۆ خوێنەرانی هێژا بەجێدەهێڵم. هەر هێندە دەپرسم ئەوەندەی من بزانم نە بودیسم و نە هیندوسم مێژوویان نەك بۆ سەردەمی لەدایکبوونی ئێزیدییەکان لە سپێرمە پاکەکانی ئادەم، بەڵکو دەهەزارساڵ ناگەڕێتەوە، ئیتر چۆنە خۆی لەوان نزیك دەکاتەوە؟ کاتێك ئایینی ئێزیدی دەتوانێت خۆی لەوان نزیك بکاتەوە، کە پاش وان

سەریهەڵدابێت! کەچی بە وتەی نووسەر ئێزیدی پێش مرۆڤایەتییە نارەسەنەکەی بەرئەنجامی زاوزێی ئادەم و حەوا لە دایك بوون! مەلەك تاوس چل هەزار ساڵ پێش شێخ حەسەن و شێخ عادیە هەبووە! هەرچەندە زانیاری شێخ حەسەن پێش زانیاری خوا و مەلەك تاوس دەکەوێت، کە دەکاتە چل هەزار ساڵ و ئەو ماوە نەزانراوەش کە خوا و مەلەك تاوس لێکدابراون و بووەتە هۆی یەکتر نەناسینەوەیان، دەکرێ بڵێین سەدان ملیۆن و ملیارد ساڵ دەکات! کەواتە شێخ حەسەن پێش دروستبوونی مەلەك تاوس هەبووە و ئاگای لە دروستبوونی وی و تەنانەت خواش هەیە! بەم پێیە بێ، زمانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەمی درستبوونی شێخ حەسەن، چونکە هەم شێخ عەرەبییە و هەم حەسەن و هەم خزمەکەی حەسەنیش! کەواتە عەرەب رەسەنترە لە ئێزیدی و کورد و لە باوە ئادەمیش!

ئینجا دەچێتە سەر مردن و زیندووبوونەوە و دۆزەخ و بەهەشت: ئەوانەی دەمرن مرۆڤی باش دەبێتەوەو مرۆڤ و هی خراپیش دەبێتەوە بە گیانەوەر، بەراستی ئەمە زۆر راستی تیادایە ، هەمووومان وە بگرە من خۆم بەتایبەت ئەوەم زۆر جار بۆ پێش هاتوە، .....

وتەیەکی پێشینان هەیە، کە دەلێت "**لە بێکەسی خۆم تۆم کرد بە کەس، نە بەنیمە کەس شیای نە بەنیمە کەس** " . من هەر جارەی کە دەبینم هۆنراوەیەك، وەرگێڕانێك، وتارێك، رەخنەیەك، پێشنیارێك، نێوی ژنێك لەژێریدا نووسراوە، گەرچی شتێکی تازەشی نە وتبێت، بەڵام گەزگەز باڵای پێ دەکەم. بەلام ئەزیزم تۆ نەك نەتوانی فێمینیست بی، بەڵکو باری فێمینیسمیشت خوارکرد! گەر من وەك تۆ بیر بکەمەوە، ئەوا ئەگەر هاوسەرەکەم و پیاوانی گەرەك و شار و ولات و کیشوەرەکانی تریش هەموو رۆژێك سێ ژەمە شەقسەقێنم پێ بکەن، لەبەرامبەردا سوپاسگوزاری خوا و مەلەك تاوس و باوە ئادەم و سپێرمە بۆنخوشەکانی دەبم و لە گوڵ کاڵتریش بە پیاوە چڵکن و ڕیشنە جەلادەکان ناڵێم!

گەر هاوەڵەکەم بەمە بزانێت، لە هیوابڕاویدا خۆکوژی دەکات، ئەو هاوەڵەی، کە لە یەکسانیخوازی و خۆشەویستییا بۆ ژن، نێوێکی ژنانەی لە خۆی ناوە و ئامادەیە هەموو تەمەنی نووسینەکانی لەپێناو یەکسانی ژن و پیاودا بالا بکەن، هەر لەبەر ناوە ژنانەکەیەتی کە ماڵپەرەکان ئامادەن، هەرچی بنووسێت، بۆی بڵاو بکەنەوە!

ئاخر ئەزیزەکەم، نەدەکرا سەرەرای خورافەگەری، بە شان و باڵی خۆتدا هەڵنەدەیت و نەیدرکێنی کە تۆ لە مرۆڤە چاك و ڕەسەکانی؟ چونکە پێویست بەوە ناکات، بەڵگەی بۆ بێنیتەوە، ئەوە وەك کۆکردنەوەی یەك و یەکە و دەکاتە دوو. کاتێك کە تۆ کورد بیت و کوردیش ئێزیدی و ئێزیدیش مرۆڤی ڕەسەن. بێگومان هەر هەڵگری گیانێکی پاکی و بڕواش ناکەم خوا ئەوەندە گەمژە بێت، گیانی مرۆڤێکی نارەسەن پەیدابووی هێلکە ژاراوییەکانی حەوا، بخاتە جەستەی ڕەسەنی تۆی کوردی بەرەچەڵەك خاوەنی خوێنی پاکی ئێزیدییەکان!

باشە ئەوە باوەڕمان بەو خورافەیەش کرد و وتمان وایە و لۆژیك ترۆهاتە و زانست تەپاڵە و تەرسەقول! ئەی لە خۆت نەپرسیوە کە گیانی کێیە لە جەستەی نارەسەنی عەرەب و فارس و تورك و ئەو هەموو مرۆڤگەڵەی کە لەدوای سێکسکردنی ئادەم و حەواوە دروستبوون- مەبەست نائێزیدییەکانە-؟ ئەی مەگەر خۆت نالێی کورد زۆڵە و پیس بووە! ناکرێ پیمان بڵێیت، جەستەی کێیە لەبەر گیانی  ئێمەی نەگریس و نارەسەن و درۆزن و ساختەچی و ژەهراویدا؟ ئەی مەگەر بڕیار نییە گیانە نارەسەن و پیسەکان لە گیانەوەردا زیندوو ببنەوە؟ لەوە دەچێ کارخانەکانی خوا کە بۆ دروستکردنی ئاژەڵ و باڵدارەکان وەك پۆشاکی گیانە نەگریس و پیسەکان، فریای ئەوە نەکەون و نەتوانن بەرهەمهێنیان بەرنەسەر – ئەمە ڕێی تێدەچێ، چونکە خوایەك دروستکراوی خۆی نەناسێتەوە، چۆن ئاوەزی بە تەکنۆلۆژیا و خێراکردن و زیادکردنی بەرهەمهێنان، دەشکێت! بۆیە ناچار هەندێکجار گیانە نەگریسەکان دەکەنە جەستەی ترەوە، جەستەیەك کە بەهرەمەند نییە لە خوێنی پاکژی کورد و ئێزیدییەکان! چونکە خوێنی پاك تەنیا لە سپێرمی ئادەمەوە دروست دەبێت و لە هێلکەی ژاراوی حەواوە نا!
ئەی ئەزیزم ئەمە هەر ئەو بیرکردنەوە پیاوانە نییە، کە زۆرێك لە ژنان لە نائاگاییانەوە، خۆزگە بە پیاو بوون دەخوازن و نەفرەتیان لە ژنبوونی خۆیان هەیە و تا ئاستی پێڵاوی پیاو خۆیان دادەگرن و پیاوە باوکسالارە گرگنەکانیش تا ئاستی خواوەندی بەرزدەکەنەوە؟
ئەی مەگەر نازانی گیانەوەر هەموو بوونەوەرێك بە مرۆڤیشەوە دەگرێتەوە و بوونەوەریش دەبێت بە چەند بەشێکەوە؛ لەوانە مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵدار، گیانداری ئاوی، هیتر...؟ لەوە دەچێت، خواش – بەقسەی تۆ کە ئافەرێنەری هەموو بوونەوەرەکانە، زانستی بوونەوەرناسی و پۆلێنکردنی بوونەوەرەکان نەزانێت؟!

دیوی تری ئەم گیان گیانگۆکێیە، ئەم جەستە پۆشینە، ئەم زیندووبوونەوە گاڵتەجارییە، سوکایەتی و بێ نرخی گیانەوەرانە لای نووسەر و ئایینی ئێزیدی! ئەمە لە کاتێکدا مەلەك تاوس دەفرێ و دەنێسێتەوە، کەواتە باڵدارە یا ئاژەڵێکی لە جۆری دلدڵەکەی پەیامبەری ئیسلامە!

بەم پێیە بێ سوکایەتی و کەم نرخ گرتنی ئاژەلان لە ئایینەکانی وەك جولەکە و کریستیان و ئیسلامدا؛ لەوانە سەگ و بەراز، لە ئایینی ئێزیدییەوە- بەو پێیەی کە لەهەمووان کۆنترە- بۆیان ماوەتەوە!

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە نووسەر پاش درکاندنی ئەو هەموو لایەنە دژە مرۆییەی ئایینی ئێزیدی – بە پێی ئەو ڕونکردنەوانەی وی-، کەچی سووره لەسەر جوانیناسی و زانستی بوونی ئەو ئایینە، کە ئێمەی گومڕا لەبارەیەوە هیچ نازانین : چونکە تایبەتمەندی و جوانی و زانستی ئەم ئاینە بەرادەیەکە__بۆتە مایەی سەر سورمانی هەموولایەك.

ڕاستییەکەی من زانیاری وام لەمەڕ ئایینی ئێزیدی نییە و یەکەم سەرچاوەی زانیاریم ئەم نووسینەی خاتوو (ڕێکپۆش)ە. هیوادارم لە پرسیار و سەرنجەکانمدا ستەمم لە هاونیشتمانییە ئێزیدییەکانم نەکردبێت. ئەگەر ئەوەی نووسەر لەمەر ئەم ئایینەوە نووسیوویەتی وابێ، ئەوا لە پەیگیرترین دژایەتیکەرانی ئایینی ئێزیدی دەبم. بەلام ئەگەر نووسەر زانیاری هەلەی لەسەر ئەم ئایینە بە ئێمەی خوێنەر دابێ، ئەوا پێویستە داوای لیبوردن هەم لە ئێزیدییەکان و هەم لە ئێمەی خوێنەر بکات!

نووسەر هەر لە سەرەتاوە کینەی خۆی بەرامبەر، هەندێك لە نووسەران لە پشت ئەم نووسینەوە شاردووەتەوە. ئەوەی نووسینەکانی چەند هەفتەی رابوردووی ئەو و وەلامی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی خوێنەرانی بابەتەکانی وی خوێندبێتەوە، نێوە شاراوەکانیان لەپشت ئەم دەستە واژانەوە، دەخوێنێتەوە:
پرسیاری گەورە لای ئەوروپیەکان ئەوەیە کە کورد یان رۆشنبیری کورد بۆ ئیشی لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکردووە؟ ئایا بەهۆی موسوڵمان بونیانە؟ من کاتێ مامۆستاکەم ئەو پرسیارەی کرد، سەرەتا حەپەسام و پاشان نازانم بۆ نەمتوانی پێی بڵێم کە رۆشنبیری کورد _ئەمڕۆ لە دەزگا زەبەلاحە چاپەمەنیەکاندا خەریکی شەرە کومبارو زۆپایە، زۆریش سەرقاڵی وتی وتین وەک سەرە تەنورە. هەموو داهێنانەکانیشیان بریتیە لە برێ کاری ئاشەوانی( مەبەستم کاری وەرگێڕانە) بەڵام خۆ ناشکرێ ئەم ئاشەوانانە بخەینە ریزی رۆشنبیرەوە، ئەوەی کە کە دەمێنێتەوە بەناوی ڕۆشنبیر گروپیکی زۆر بچوکن و ...

دەکرێ بپرسین، ئەم خاتوونە چۆن دەتوانێت، ئاوا بە دڵنیاییەوە بڵێت: پرسیاری گەورە لای ئەوروپییەکان ئەوەیە... نازانم ئەو لە کۆی زیاتر لە دوو سەد ملیۆن مرۆڤی ئەوروپی، ڕاپرسی لە چەندیان کردووە؟ ئەوەی کە مامۆستاکەی لێی پرسیوە؛ یا ئەوەتا ئەم بەخۆی ئەم شتانەی کە بۆ ئێمەی نووسیوە، بە پێچەوانە لە مامۆستاکەی گەیاندوون یا ئەوەتا مامۆستاکەی هەڵگری بیری نازییە و پێی وایە کوردیش دەتوانێت، بە هەوڵی خۆگێڕانەوە بۆ سەر ڕەسەنایەتی، نیوەکەی تری گۆی زەوی داگیر بکات و مرۆڤە ناڕەسەن و ژەهرهەڵگرەکان، قەلاچۆ بکات!

نووسەر بەوەشەوە ناوەستێ و دەست بە سوکایەتی ئەو نووسەرانە دەکات، کە خەریکی وەرگێرانن و بە ئاشەوانیان دەژمێرێت. ئایا دەکرێت بپرسین ئاشەوانی چی سوکایەتییەکی تێدایە، تاوەکو ئەم خاتوونە دڵڕەقە، بیکاتە پێوەری سوکایەتی و سوکایەتی بە وەرگێرە کوردەکانی پێ بکات؟ من تێدەگەم، بۆچ وەرگێڕان کارێکی نزمە لای نووسەر؛ یەکەم ترسی ئەوەی هەیە، کە شتگەلێك بەرچاوی لاوە سەربزێوەکانی کۆمەلگەی داخراوی ئێزیدی – بەو پێیەی وی لێوەی دواوە- بکەوێت! هەروەها کاتێك کە وی کورد بە هۆی ڕەچەڵەکی ئێزیدی بوونەوە بە ڕەسەن دەزانێت، ئیتر وەرگێڕانی شتگەلی ناکوردی دەچێتە خانەی کاری نەشیاوەوە، ئاخر چۆن دەبێت کوردی ڕەسەن، شتی نەتەوە ناڕەسەنەکان بخوێنێتەوە؟ یا

ئەوەتا خاتوو ڕێکپۆش بەتەمایە کۆمەڵگەی کوردەواری هیچی گەلانی تری پێ نەگات و لەو ئاستەدا بمێنێتەوە، کە وی بتوانێت خورافەی دەهەزار ساڵ لەوەوبەرمان دەرخوارد بدات!

باشە ئەگەر کورد ڕۆشنبیری نییە و ئەوەش کە هەیە، گروپێکی بچووکە، ئیتر نازانم چۆن نووسینەکەی بە باسی پانتایی ڕۆشنبیری کوردی دەست پێدەکات؟ خۆ ئەگەر باسی تەسکایی ڕۆشنبیری کوردی بکردایە، دەمان وت بەهەرحاڵ!

نووسەر لە پەرەگرافێکی تردا دەچێتە سەر ستەم و کوشتوبڕێك کە لەسەردەستی سوپای ئیسلام لە ئێزیدییەکان کراوە. من نەك بەمە ناکۆك نیم بەڵکو پێم وایە ئەوەی ئەو باسی دەکات، قەترەیەکە لە دەریالوشی هەزاروچوارسەد ساڵ تەمەنی دەسەلاتی ئیسلامییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نە سەرچاوەمان دەداتێ و نە بەڵگەی مێژوویی. بەڵکو لەبری باسی کوشتوبرەکانی سوپای ئیسلام لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی موحەمەد و باسی دەستکەوتەکانی ئەودەم و هێنانەوەی دوو رستەی قورئان، کە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە دەکرێ هانایان بۆ ببرێت، نەك بۆ بەڵگەی شەڕ و کوشتارێك کە لە کورد کراوە!

بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەگەر ئەو دەسەڵات و پانتاییەی کە ئیسلام هەیبووە، بەتایبەت لەسەردەمی ئوسمانییەکاندا، کە باکوری ئەفریکا و ڕۆژهەلاتی ناوەراست تا نزیك شاری ڤێنای لە ئەوروپا بەدەستەوە بوو، ئەگەر بە دەستی ئەم خاتوونەوە بوایە، لە شەش ملیارد مرۆڤ تەنیا کورد و لەناو کوردیشدا تەنیا ئێزیدییەکان مافی ژیانیان دەبوو- هەڵبەت ئەو ئێزیدییانەی کە وەك وی لە دەهەزار ساڵ پێش ئێستادا دەژین، نەك ئەو ئێزیدییانەی کە پێکەنینیان بەم خورافاتە دێ، کە ڕێکپۆش خاتوون، بۆمان دەگێڕێتەوە-!

وی هەر وەك چۆن پێشوەخت پێش ئەوەی هەوڵی فێربوونی زاراوەی کرمانجی بدات و لەو دەقە ئایینییەی ئێزیدییەکان بگات، دێت و بانگەوازمان بۆ گەرانەوە بۆ سەر ئێزیدیسم دەکات ، هەرواش یەك لایەنە بڕیار دەدات، کە پیاوی ئێزیدی وەك پیاوی موسوڵمانی کورد – کوردە زۆڵەکان-، هەرگیز خۆی تێکەڵاوی ژنی موسولمان و هیچ ئایینێکی دی ناکات بەپێی یاسایی ئایینی خۆیان ....

بەهەڵەدا ناچین ئەگەر لەم بڕیاردانە بێچەندوچوونە، گومان بمان گرێ. چونکە من دڵنیام کە چەندین پیاوی ئێزیدی لەناو ئێزیدییەکاندا پەیدا دەبن، کە شەوانیان لە لەشفرۆشخانەکانی موسڵ دا بەسەر دەبەن. من دڵنیام کۆمەڵگەی کوردی و ئێزیدیش وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری مرۆڤە نارەسەکان، لێسبیان-ئەو ژنانەی کە لەگەڵ ژندا سێکس دەکەن-، گەی ئەو پیاوانەی کە لەگەڵ پیاودا سیکس دەکەن، دز، ساختەچی، گەواد، دەستبڕ، لەشفرۆش، مناڵباز، ئەتککەر، درۆزن، هەڵپەرست، خۆپەرست، چاوچنۆك، دژەخون، فاتوفیتکەر، کینەدۆز، دایکگێ، خوشکگێ، باوکگێ، جەلاد، مرۆڤکوژ، خوێمژ،... تدیان تێدایە! ئەگەر وا نییە، کەواتە وی راست دەکات و کورد و ئێزیدی ڕەسەنن و خودی (خوا)ن و جێگەیان

سەر زەوی نییە؟ ئاخر نازانم چۆن وی دەتوانێت، ڕێگە بە خۆی بدات و کورد و ئێزیدی لە سروستی مرۆڤبوون دەرکا و کەچی لەهەر ناڕەسەنێکی تر فرەتر لاقیان لە لیتەی سیستەمی چینایەتی ڕۆچووە؟ چۆن دەکرێت، شوینی بوونەوەری – لەبەر ئەوەی وی لە سروستی مرۆڤ بوون دەریان دەکا و منیش نازانم ناوی چییان لێ بنێم- خوایی ناوچەیەك بێت تورك و فارس و عەرەب و کوردە موسولمانە حیز و دزەکان بێت ؟ –بە وتەی وی -

من سەد هێندەی ئەو ئێزیدییەکانیش دژی گەندەڵی دەسەلاتی کوردی و ئەو ڕووداوە دڵتەزینەی (لالش)م، نەك لەبەر کوردایەتی، لەبەر ئەوەی دژی ستەمم لە ژنان، لەبەر ئەوەی دژی هەلاواردنی هەڵگرانی ئایینەکانی ترم، لەبەر ئەوەی دژی هەموو ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی و ڕەچەلەکپەرستی و نەتەوەپەرستی و ئایینپەرستی و ئۆتۆریتەپەرسەستیەکم!

نووسەر لە دوا بەشی نووسینەکەیدا، ئەوەی کە دەبوو لە پەرەگرافی یەکەمی لاپەرە چواردا، وەك بەڵگە و سەرچاوە باسی بکردایە، کەچی لەبری ئەوە لە باسی (بەنی قریزە)ەوە دەچێتە سەر باسی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی لالش و پاشان لە باسی (ڕۆژان)ی بەدبەختەوە دەچێتەوە سەرباسی کوشتوبڕی ئوسمانییەکان بەرامبەر ئێزیدییەکان.

خاتوو ڕێکپۆش بەدرێژایی نووسینەکەی، تووشی سەرلێشێواوییەکمان دەکات، کە خوێنەر نازانێت، مەبەستی وی لەم شەش لاپەرەیە چییە؛ ناساندنی ئایینی ئێزیدی، پشتیوانی لە ئێزیدییەکان، تۆبەکردنی خۆی لە موسولمان بوونی، ئاسەوارناسی، ئایینناسی، دۆزینەوەی خودا، دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی ڕەسەن، گێرانەوەی مێژووی لەشکرکێسی ئیسلام بۆ سەر کوردستان، مێژووناسی، ئەفسانەناسی، ڕەخنە و سوکایەتی بە ڕۆشنبیرانی کورد، پیشنیاری بە نەتەوەکردنی کورد، لێدوان لە دڵسۆزی و هاودەردی ئاڵمانەکان لە ئێزیدییەکان، کێشەکەی لالش و بەدبەختی ڕۆژان، سەرکۆنەی ڕێکخراوەکانی بەناو ژنان یا داڕشتنی پایەکانی فێمینیسمی کوردی لەبەر ڕۆشنایی وتەکانی شێخ حەسەنی خزمی شێخ عادیە؟ بەراستی گەر لە من بپرسن، وتارەکەی خاتوو ڕێکپۆش لەمەڕ چییە؟ بێجگە لە دژایەتی نووسەرە وەرگێڕەکان، سوکایەتی بە ژنبوونی ژن، سوکایەتی بە نەتەوە و ئایینەکانی تر، پیاهەڵدانی پیاوی ئێزیدی، سوپاسنامە بۆ کاربەدەستانی ئاڵمان لەبەر ئەوەی کە بێجگە لە ئێزیدی کەسی تر بە هاوولاتی وەرناگرن و گێڕانەوەی چەند ئەفسانەیەك ناتوانم هێچ ناوێکی تری لێ بنێم!

دەکرا وی لەبری ئەم نووسینە دە تا پازدە وتار بنووسێت و بەشی پەنجا تا سەد وتاری تریشی لێ هەڵگرێت بۆ تەنگانە! یا نامەی دکتۆرا لەمەڕ ڕەسەنێتی و کورد و ئایینی ئێزیدی و خوایی بوونی زمانی کوردی بنووسێت!

لەمە زیاتر کاتی خوێنەری هێژا ناگرم و لێدوان لەسەر جیاکردنەوەی ئەدەبی ژنان بۆ هەلێکی تر هەڵدەگرم..

دوا وشەم بۆ نووسەر ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کە خۆی پێی وایە زمانی کوردی زمانی خوایە، من وەك کوردێکی نارەسەن و گومرا، داوای لێدەکەم بیکات بە خاتری خوا و مەلەك تاوس و شێخ حەسەنی خزمی شێخ عادیە، کەمیك خۆی بە رێنووس و رێزمانی کوریییەوە خەریك بکا و زمانی خوا لەوە وێرانتر و بێسروبەرتر نەکات!

* هەوڵم داوە دەقی دەستەواژە و پەرەگرافەکانی وی وەك خۆیان بنووسمەوە، بێ دەستکەنە و بژاری هەڵە رێزمانی و رینووسییەکانی. بەداخەوە ئەمجارەش نەمتوانی بەڵێنەکەم بەجێ بگەیێنم، لە هاوکات رەخنەگرتن لە لایەنی زمانەوانی بابەتە رەخنە لێگیراوەکە. بەلام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە زۆربەی نووسینەکان بە فۆرماتی پی‌دی‌ئێف دانراون، خوێنەر لە دەستبردن بۆ رەخنەی پڕ و ورد دەگێرنەوە. بۆیە ناچار لەبەر نەبوونی کات، نەمتوانیوە بچمە ناو وردەکاری نووسینەکەی خاتوو رێکپۆش کە پێم وایە دەکرا چەند لاپەرەیەکی تری لەسەر بنووسم. بەرای من بەسەرکردنەوەی لایەنی زمانەوانی هەر دەقێك، دەهێندەی رەخنە کرۆکییەکە پێویستە و پێویستە هەمووومان ئاوڕ لە باری وێرانکردنی زمانی کوردی لە لایەن نوێنەرانی خوا و ئەڵلە و رۆژنامەنووس و وتەبێژان و پەیامنێرانی رادیۆ و ساتلایتەکان بدەینەوە، ئەگینا رۆژێك دێت وەك باڵداری سەیروسەمەرە، هەر یەکە لە ئاوازێك دەخوێنین و کەسمان لە کەسمان ناگەین! بەلام لێرەدا هەوڵدەدەم هەڵەکان لە تێکستەکانی ویدا سوور بکەم و هەندێکیان هێڵیان بەژێردا بهێنم، لەبەر ئەوەی کە هەنێکیان لە رووی دارشتنەوە هەڵەن، هەندێکی تریان لە رووی رێزمانییەوە یا زۆرجار هەردوو خۆری هەلەکە لە یەک کاتدا.